Kurdistan.net کوردستان نێت

Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## عەمەلیاتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە مەریوان

## و گرتنی 15 کەس

هێزەکانی سەربە ئیدارەی ئیتیلاعاتی ڕێژیم لە شاری مەریوان شەوی رابردوو، بە ئامانجی دۆزینەوە و گرتنی ئەندامانی چالاکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە سەعات 8 تا درەنگانی شەو، دەستیان دایە هێرش بۆ سەر گەڕەکەکانی مەریوان و هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتیانی سویل و 15 کەسیان دەستگیر کرد. گیراوەکان لاوانی 13 تا 25 ساڵەن کە سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە زیندانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە بۆ دادگای ڕێژیم گوێزرانەوە. زۆربەی گیراوەکان دانیشتوانی گەڕەکەکانی "تازاوا"و " دارسەیران"ن، هاووڵاتی ئاسایین و هیچ پێوەندییەکی سیاسییان نییە. تەنیا ژمارەیەکیان کەس و کاری خەباتگێڕانی ڕیزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانن.

بە دوای دەسپێکی ئەو ماڵانگەڕییەی ئیدارەی ئیتلاعات دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوان، شاری مەریوانیان چۆڵ کردوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئەم کردەوە دژی ئینسانییە مەحکوم دەکا و داوا لە هەموو کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ دەکا کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادیی گیراوەکان بخەنە ژێر گوشارەوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

23/پوشپەڕ/2705

14/جولای/2005

www.ruk2691.com

کوردستان (ناوەندی) Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467

ئەمریکا Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389

ئوروپا Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157

ئادریس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەڕەکی – 336مامۆستایان، ژمارەی خانوو (7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467